شینی کوردە یەزیدییەکانی پشت قەفقاز

د. مارگرێت ڕۆدینکۆ
سۆسیویەتی
د. شوکرییە ڕەسوڵ
بە دەسکاریی‌یەوە
لە ڕووسی‌یەوە کردوویە بە کوردی

هێشتا تۆژینەوەی تەواو و پێویست لە بارەی شین و لاواندنەوە و مردووبەڕێکردنی میللەتانی ڕۆژهەڵاتی نزیك و ئەودیوی قەفقازەوە نەکراوە، ئەوە نەبێ کە کۆمەڵە تێکستێکی لێ لەچاپدراوە و لەگەڵ جۆرەکانی تری فۆلکلۆردا بەراوردکراوە ، کە ئەو بەراوردەش نرخێکی ئەوتۆی نەبووە [1]. ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون ئەکاتەوە کە بەیتی شین و لاواندنەوەی مردوو لە نـاو زوربەی گەلانی ڕۆژهەڵات و ئەودیوی قەفقازەدا هێشتا لە نهێنی‌یەکی ئێجگار زۆردا پارێزراوە [2]. گرنگیی بەیتی شین و لاواندنەوە لەوەدایە کە جۆرێکی

---

(۱) بروانە : ترانەهای سمرقند ، دوشنبە ، ۱۹٦٦ ، ل ۹۹ــ۱۰۷ ، ئا . ئی. روزینفیلد ، نموونەهای فولکلور درفوز ، دوشنبە ، ۱۹٦۲ ، ل ۱٤٥ ــ۱٤۷ ؛ رباعیات و سرودهای خلق بدخشان ، دوشنبە ، ۱۹٦٥ ، ل ۱۰۱ــ۱۰٥ .

(۲) بروانە : د. چێرڤیناکۆڤ ، نەریتی لاواندنەوە لە سڤانیێتی سـەرۆ ، س م ۆ م پ ك ۳٦ ، بەشی دووهەم ، ل ۱٥۲ (بە ڕووسی) .

هۆنراوەی کۆنە [٣] و لە هەمان کاتیشدا بەرهەمێکی داهێنراوی زوربەی خەڵکە و یەکێکە لە شاکارە نموونەیی‌یەکانی فۆلکلۆر • نە داستانێکی کۆنە و نە پەیکەرە و نە ئاسەوارە ، بەڵکو ڕۆداوێکی زیندوی هۆنراوەیە[٤] •

شین و لاواندنەوە دەربڕینێکی قوڵ و ناخۆشی خەمباریێ و دڵتەنگی‌یە بە شێوەیەکی شـــاکارانە • ئەمەش ڕێگا خۆش ئەکا بۆ ئاوڕدانــەوە لەو نهینی‌یانەی لە گیانی کۆمەڵانی خەڵــکدا شـــارراوەنەتەوە ، کە سامانێکی دەوڵەمەندی ڕاز و نیازی دەرونیانی تیا ئەبینرێ •

فۆلکلۆری کوردە یەزیدی‌یەکان لە ڕوی دەوڵەمەندیێ و فراوانی‌یەوە لەگەڵ فۆلکلۆری کوردە موسوڵمانەکان بەراوردناکرێ • ئەمەش شتێکی ئاشکرا و دیارە • جیاوازیی کوردە یەزیدی‌یەکان لە کوردە موسوڵمانەکان لەوەدایە یەزیدی‌یەکان نوسینیان نەبوە•نەخوێندەواریێ وای‌لە یەزیدی‌یەکان کردبو لە دەوری ئایینەکەیان کۆببنەوە و خزمەتی پیرەکانیان بکەن • هـــەر بۆیەشە ئەو سامانە فۆلکلۆری‌یە شیعری‌یە لەڕادەبەدەر زۆرەیان لە شێوەی بەرهەمی سەرزارەکیدا دەرئەبڕن •

لە ناو جۆرە جیاوازەکانی بابەتەکانی فۆلکلۆری کورددا ، چیرۆك ، داستانی سەرزارەکیێ ، ڕازی قارەمانەتیێ ، بەستە و مەقام ، گۆرانیێ ، پەندی پێشینان و قسەی نەستەق ، بەیتی شـــین و لاواندنــەوە (کلامێ‌شینێ) ، تائێستا نەخراونەتە سەر کاغەز و نەکەوتونەتە بەرچاو •

---

(٣) ك . ڤ چیســتۆڤ : لاواندنەوە ، لینینــگراد ، ١٩٦٠ « نوســـەری سۆڤیەتیێ » ، ل ١٠ ، (بە ڕوسیێ) •

(٤) م. ك. ئازادۆڤسکیێ ، لاواندنەوەی لێنسکیێ (گونـــدێکە لـــە هەرێمی سڤێردلۆڤ) ، چیتا ، ١٩٢٢ ، ل ١٠ •

زوربەی توێژەرە ئەتنۆگرافیایی‌یەکان تەنها داب و رێ و شوێنی بەرێ‌کردنی مردوویان نوسیوەتەوە ، موسوڵمان بێ یا یەزیدی و،هەر ئەوەیان نوسیوەتە رۆ کە یەکسەر دوای مردنی مردووەکە ، خزم و نزیکەکانی دەست ئەکەن بە شین و لاواندنەوەی[5] • بەلام هیچ تێکستێکی شین و لاواندنەوەیان لە کارەکەیاندا نەکردووە بە بەڵگە بۆ قسەکانیان •

من ماوەیەکی زۆر هەمۆ هەوڵ و کۆششێکی خۆمم تەرخان کردبۆ بۆ کۆکردنەوەی تێکستی لاواندنەوە لە دەمی کوردە یەزیدی‌یەکان ، بەلام خەڵکەکە بەردەوام دەستیان بە رۆمەوە ئەنا تا ئەوەبۆ لە کۆتاییدا هەلم بۆ هەڵکەوت و لە چەند کەسێکی جیاوازەوە ئەم تێکستانەی بەردەستمانم نوسی‌یەوە و بلاوم کردنەوە •

من بە بیری خۆم وای بۆ ئەچم کوردە یەزیدی‌یەکان لە ترسی سەرۆك و پێشەوا ئایینی‌یەکانیان ئەم تێکستانە بۆ کەس دەرناخەن و ئەیانشارنەوە و لەکاتی تایبەتیدا نەبێ و بەپێی رێ و شوێنی تایبەتی نەبێ، وەکو ئەوە کەسێکیان لێ‌بمرێ ، نایڵێن • هەر بۆیەش من لە تۆمارکردنی ئەم تێکستانەدا تەنها بە نوسینەوەی ئەو بەشانەوە خەریك بووم کە

(٥) س. یەگیزارۆف ، مێژۆیەکی ئەتنۆگرافیایی کورتی کوردی شارستانی یەرێڤان ، راپۆرتەکانی بەشی قەفقازی کۆمەڵی جیۆگرافیایی ئیمپراتۆریەتی رۆس ، تیفلیس ، ١٨٩١ ، بەرگی ١٣ ل ٥٣ (بە رۆسی) ؛ گ. ف. چورسین ، کوردەکانی ئازەربایجان ، تیفلیس ١٩٢٥ ، ل ١٠ (بە رۆسی) ؛ ئۆ. ل. فیلچێفسکی، کوردەکانی موکریان، مۆسکۆ ١٩٥٨، ل ٢١٦ (بە رۆسی) ؛ مەلا مەحمودی بایەزیدی ، عادات و رسوماتنامە اکرادیە ، وەرگێران و پێشەکی بۆ نوسینی م. ب. رۆدینکۆ ، مۆسکۆ ، ١٩٦٣ ، ل ١٧ ، ٥٠ ؛ ت. ف. ئەریستۆڤا ، کوردەکانی پشت قەفقاز ، مۆسکۆ ، ١٩٦٦ ، ل ١٦٤ ؛
Hansen Henny Harald' The Kurdish Woman's Life. Kobenhavn' 1967, P. 140 — 141.

پەیوەندیان بەلایەنی ئاوازەوە نی‌یە[٦] •

شینی کوردە یەزیدی‌یەکان پەیوەندی بە دابی ناشتنەوە هەیە ؛ بەو شـوێن و کاتەوە کـە مردووەکەی تیا ئەمرێ • هەر لەو کاتەوە کە هێشتا مردووەکە لە ناو جێگاکەیدایەتی ، دەست ئەکەن بە لاواندنەوەی • یەکسەر پاش گیان دەرچوونیشی کفنی ئەکەن و لە سـەر تەختەیەك یان مێزێـك دایئەنێن • تا سێ رۆژ لە ماڵەوە ئەیهێڵنەوە • پاشان ئەیبەنە سەر قەبران و بە رێـگاوە هەر ئەیلاوێننـەوە و بەستەی بۆ ئەڵێن • ئەنجا ئەیخـەنە ناو گۆڕەکەی • لاواندنەوە هەر بە رۆژ ئەبێ • لە ناو کوردە یەزیدی‌یەکانـدا باوەڕێکی وا هەیە ئەڵێن ئەگەر بە شەو شین بۆ مردوو بکەن ، شوێنەکەی لە ناو گۆڕەکەیدا تەڕ ئەبێ • شین و لاواندنەوە لای کوردەکان بە پێویست ئەزانرێ • ئەوان وایان لا باوە ئەگەر بۆ مردوویان نەگرین و نەیلاوێننەوە ، ئەوە بە نەنگ و شوورەیی‌یەکی گەورە دائەنێن بۆ ئەو ماڵە[٧] •

هەر لە پاش مردووەکە ، یەکسەر ژنان دەست ئەکەن بە لاواندنەوە و شین بۆکردنی ، بە تایبەتی کەسانی نزیکی وەك ژنی ، خوشکی ، دایکی ، کچی • پاش کفن‌کردنیشی ژنان و خزمەکانی لای سەریەوە دائەنیشن و دەست ئەکەن بە شـین‌بۆکردنی • بەمانە ئەڵێن (دڵشەوەت) واتە (دڵ گەرم)• لەپاش ئەوانیشەوە خزمە دوورەکانی و ئەوانەی لەگەڵیانا بەشداریی پرسـە

(٦) بابەتی لاواندنەوە بە ماتەمینی ئەوترێ . سەرەتا بە نۆتـەیەکی بـەرز و پاشان ئاوازەکە نزم ئەبێتەوە . هەروەك دانانی ئاوازێك وایە کە سەرەتای دەست پێ‌کردنی نۆتەکان بەرز بێ و پاشان هێواش و نزم بکرێتەوە .

(٧) کوردە موسوڵمانەکان کە کەسێکیان بمرێ ، کوردی یەزیدی بانگ ئەکەن شینیان بۆ بکا ، چونکە یەزیدی‌یەکان شارەزایی‌یـەکی تەواویـان لـە هەڵبەستنی شیندا هەیە و لەگەڵ کوردە موسوڵمانەکان بەراورد ناکرێن .

ئەکەن و ئەلاوێننەوە • ئەمانەی دواییش کە بەشداریێ ئەکەن و مردووەکە ئەلاوێننەوە ، زوژ جار زێ ئەکەوێ خزمێکی نزیـــکی مردووەکە ئەبـــن • بەمانە کە کوژی شـــین گەرم ئەکەن ، ئەگوترێ (دڵشـــکەستی) واتـــە (دڵشـکاو) • ئەمانە ئەوەندەی بۆ مردووەکە ئەگرین ئەوەندەش بۆ مردوی خۆیان ئەگرین و ئەلاوێنـــەوە • بەڵـــکو جار جار لـــە شـــینەکەدا ناوی مردووەکەی خۆیشیان ئەبەن •

لەپاش ژنان پیاوان دەست ئەکەن بە شین و لاواندنەوە • پیاوان هەر بۆ پیاو ئەگرین ، بەلام واش زێ ئەکەوێ کە بۆ مردنی ئافرەتیش بگرین و بلاوێننەوە ، ئەوەش لە کاتێکا کە ئافرەتە مردووەکە هـــەندێ خـــاسیەتی تایبەتیی تیابێ وەکو ئازایێ و نەبەردێ و زیرەکی‌یەکی لـــە ڕادەبەدەر ، یا ئەگەر سەرکردەییی هۆزەکەی گرتبێتەدەست • ئەوە لەم حاڵەدا پیاوان بۆی ئەگرین و ئەیلاوێننەوە •

لاواندنەوە لە ناو کوردە یەزیدی‌یەکاندا پیشەیەکی تایبەتێ نی‌یەتاقمێکی تایبەتێ پێیەوە خەریك بن • بەلام هەندێ کەس هەن شارەزایی‌یەکی چاکیان لە لاواندنەوەدا هەیە • ئەمانە زۆر جار وا زێ ئەکەوێ لـــە مردنی یەکێکا وەك پیاوێکی گەورە و ناودار یاخود ســـەرەك هۆزێك ئامادە ئەبن و لە ماڵی مردووەکەوە بە تایبەتێ بانگ ئەکرێن بۆ لاواندنەوەی •

بەیتی شین و لاواندنەوە لە ناو کوردا هەرگیز بە کۆمەڵ نەبوە ، بەڵکو هەمیشە لە لایەن یەکێکەوە بە تەنها وتراوە • ئەمەش بووە بە مایەی ئەوە کە تێکستی لاواندنەوەکە بمێنێتەوە • ئەوانەی لاواندنەوەکە ئەڵێن ، بە نۆرە ئەیلێن بێ ئـــەوەی یەکێکیان بەســـرابێتەوە بەویانـــەوە یاخود هۆنینەوەی لاواندنەوەکەی لە هیی ئەوی‌تر بکات • تەنها ئەوە نەبێ کە ڕیشەی ئاوازی

گریان و هاوارەکەیان بە تەواوێ جێی گرتووە و لە یەك ئەکەن • سەرەڕای ئەم ڕوخسارە کەمەش ، بەیتی لاواندنەوە پریتی‌یە لە (سێ ، چوار ، پێنج بەیت) • نابێ بە تێکستی بەیتی لاواندنەوەی کوردێ بووترێ نەگۆڕاو • تەنها ئەوەندە هەیە ئەتوانرێ بووترێ سەربەیتەکانیان لە ڕۆی ڕوخسارەوە دۆبارە نابنەوە[٨] • هـەر شین بێژێك بە پێی سەردەم و سەدەی خۆی ، بە هەر جۆر بوبێ ، لاواندنەوەی هۆنیوەتەوە[٩] • بۆ ئەمەش چەند جۆرە ئاوازێکی گریان و لاواندنەوەی ئامادە کردووە و هەمۆ هێز و توانای خۆی لە هۆنینەوەی شینەکەدا خستووەتە کار •

ئەتوانین شـینی کوردێ دابەش‌بکەین بە دۆ زنجیرە : شینی پیاوان و شینی ژنان • خاسـیەتی شینی پیاوان (کە پیاو شین ئەکا) لەوەدایە کە پڕە لە ڕەگەزەکانی داستانی قارەمانەتێ و لیریك و لە ناو شینـەکەدا دەربـارەی ئازایەتێ و بڕیاری سـەرکەوتن لـە شـەڕدا و لـە ڕەمبازیـدا دەدوێن و خۆشەویستیی باوك و کوڕ دیارە•لە شینی ژنانیشدا (واتە کە ژن شین ئەکا) زیاتر ڕەگەزی لیریك و دڵداریێ زاڵە لەگەڵ دەربڕینی بێزاریێ لە تەنهایێ و خەم و ئازار بۆ مردووە لەکیس‌چووەکە • لەم شینـەدا داوا لە مردووەکە ئەکرێ کە ئەمانیش لەگەڵ خۆی بەرێ •

بە عادەت ، شینی کوردێ زۆر بەش بەشە • تێکستی لاواندنەوەی ژنان تەنها ژن ئەیلێ • هیی پیاوانیش هەر پیاوان ئەیلێن تەنها لە یەك حاڵەتدا نەبێ کە ئەویش ئەوەتە تێکستی شینەکە بێ لایەن بێ واتە بە تایبەتێ بـۆ پیاو یا بۆ ژن نەبێ ، ئـەوە لەو کاتەدا ژنیش و پیاویش ئەتوانن شـینەکە

(٨) ك. ڤ. چیستۆڤ ، سەرچاوەی پێشۆ ، ل ١٠ •

(٩) بڕوانە : ئۆ. ل. ڤیلچێڤسکی ، سەرچاوەی پیشۆ ، ل ٢١٦ •

بکەن و بەیتی لاواندنەوەکە بڵێن • بۆ ئەمەش ئــەو پیاوانە یا ئــەو ژنانە ئاواز و تێکستی شینەکە بە پێی پێویستی شوێنەکە ئەگۆڕن[10] (تەماشای ژمارەکانی خوارەوە بکە) •

لە بەشی لاواندنەوەی پیاواندا خاسیەتێکی تایبەتی هەیە بۆ هۆنینەوەی شینەکە ئەویش دابی (کۆتەڵ)ە کە هەر پیاوان بەشداریی تیا ئەکەن•کۆتەڵ بریتی‌یە لەوە ئەو ئەســپەی مردووەکە خۆی لە ژیانیا سواری ئەبوو ، زین ئەکەن و جل و بەرگی کابرا ئەخەنە سەر زینی ئەسپەکە و دەمانچەکەشی پیا هەڵئەواسن و کڵاوەکەی لە سەر دائەنێن • قوماشێکی ڕەشیش ئەدروون بە ملی ئەسپەکەدا ئەگەر مرودوەکە پیر بووبێ • خۆ ئەگەر گەنج بووبێ ئەوە قوماشێکی ڕەنگاوڕەنگی پێوە ئەدروون و ئەسپەکە بەو جۆرە بەناو ئاواییدا ئەگێڕن[11] • لە کاتی کۆتەڵ ئامادە کردندا کلکی ئەســپەکە ناهۆننەوە • ئەگەر مردووەکە گەنج بووبێ و ڕەنگی ئەسپەکەی سپی یاخود کوێت بێ ، ئەوە کلکی ئەسپەکە ئەگرنە خەنە • یەکێکیش لە پیاوەکانی هۆزەکە ئاڵای هۆزەکە هەڵئەگرێ و لە پێشی ئەسپەکەوە ئەڕوا و ئەسپەکەش لە سەرخۆ بە دوایدا و ماڵ بە ماڵ بە ناو دێکەدا ئەیگێڕن و مردووە کە ئەلاوێننەوە و باسی ئازایەتیی ئەکەن لە شەڕدا لەگەڵ دوژمن •• باسی ئەو ڕۆژانەی ئەکەن کە بە نەبەردیی لە جەنگدا سەرکەوتووە •• باسی برسێتی کەوتنی هــاوڕێکانی ئەکەن پاش خۆی •• باسی ڕووداوی ناخۆشی مردنەکەی ئەکەن •• تاد •

---

(١٠) بۆم لوا بە دەنگی پیاوانیش و ژنانیش گوێ لە بەشێك لە لاواندنەوەی ژمارە ١٣ بگرم و بینووسمەوە •

(١١) بڕوانە : گ• ف• چۆرسین ، سەرچاوەی پێشوو ، ١٠ ؛ نەریتی «کۆتەڵ» لەلایەن نووسەری کوردی سۆڤیەتیی هــاوچەرخ « ئەحمــەد مــیرزا » وە نــووسراوە : « بیرەوەرەی‌یەکانــم ، یەریڤــان ، ١٩٦٦ ، ل ٨٩ ـ ٩١ (بە کوردی) » •

ئەگەر مردووەکە کوڕی لەپاش بەجێ مابێ ، ئەوە کوڕەکەی کۆتەڵی بۆ ئەگێڕێ . ئەگینا هۆزەکەی بە تێکڕایێ کۆتەڵی بۆ ئەگێڕن . سامانی سەرەك هۆزی مردوو کە کوڕی لە پاش بەجێنەمابێ ، بۆ هۆزەکەی ئەگەڕێنەوە(١٢) .

وتمان کە کۆتەڵ بە ناو دێدا ئەگێڕن ، ڕوبەڕوی ئەم کۆتەڵە ، کۆمەڵێکی‌تر بە سوارێ لە دێیەکی‌تری نزیك یا دراوسێی دێی مردووەکەوە دێن بە پیر ئەم کۆتەڵە و خەڵکی ئەم دێیەوە کە مردووەکەیان لێ مردووە . ئەوانیش کۆتەڵی بۆ ئەگێڕن . ئەمانیش بەشداریی شینەکە ئەکەن . ئەمانە بە سوارێ یا خود بە پیادە دێن بە ڕوی ئەمانەوە . ئەمانیش بە بانگەواز و هاواری ئەوانەوە دێن و هەست و ناڕەحەتیی خۆیان بە بۆنەی مردنی ئەم کەسەوە دەرئەبڕن . بەمانە ئەوترێ (هاواری‌یێ) . ئەمانە بەیداخی هۆزەکەی خۆیانیان هەڵگرتووە . کاتێ کە هەردو لا بە یەك ئەگەن ، ئەوانەی لە گوندە دراوسێ یا نزیکەکەوە هاتوون بەیداخی هۆزەکەی خۆیان لە ئەسپەکەیان ئەکەنەوە و ئەیخەنە سەر ئەسپی مردووەکە و دەست ئەکەن بە شین و لاواندنەوە . یەك لە دوای یەك بە نۆرە ئەیلاوێننەوە . لە کاتی ناشتنی تەرمی مردووەکەشدا ئەسپەکە بە دەوریدا ئەگێڕن .

ئەمڕۆ کۆتەڵ وردە وردە بەرەو نەمان ئەچێ . کۆتەڵ تەنها لە هەندێ لە دێهاتەکاندا ماوە . لە شارەکاندا لاواندنەوە بەستراوە بە کۆتەڵەوە ،

(١٢) ناخۆشترین شت لای کوردە یەزیدی‌یەکان دوعای شەڕە ، وەك ئەوە کە ئەڵێن « بلا کۆتەلی ڕەش بەردەرێ تە بگەڕێ » . بەم شێوەیە هەستی دەروونیان دەرئەبڕن و ئەپاڕێنەوە کە دوعا لێ‌کراوەکە پاش مردنیش پاشماوە و وەچەی لە دوا نەمێنێ .

بەتایبەتیٚ لە کاتی ناشتنی مردووەکەدا و ئەمەیش لە سەر گۆڕی مردووەکە ئەکریٚ[(١٣)] .

جۆرە لاواندنەوەیەکی‌تر هەیە ، پیاوان و ژنان پێکەوە تیا بەشدار ئەبن . ئەم جۆرە لاواندنەوەیە تەرخانە بۆ ئەوکەسانەی لە غەریبیدا ئەمرن. دەردی ئەم جۆرە مەرگە زۆر گرانە ، بۆیە لاوێنەرەوەکان لە لاواندنەوەکەیاندا ناگرین چونکە مردووەکە لە ولاتی خۆیدا نەسپێرراوە بەخاك تا داب و نەریتی باوی خۆیانی بۆ جیٚبەجیٚ بکەن.لەمەش ناخۆشتر و قورستر مەرگی ئەو کەسانەیە زۆردار بە ناهەق ئەیانکوژیٚ و تۆڵەیان ناسەنرێتەوە (بڕوانە ژمارە ١٨ ، ١٩ ، ٢٧ ، ٢٩) .

یەکێك لە گرنگترین بابەتەکانی لاواندنەوەی مردوٚ لە کوردیدا لۆمەو سەرزەنشت‌کردنی مردووەکەیە لەسەر مردنی . ئەم بابەتە هەر وەك چون م. ئازادۆفسکی ڕۆنی ئەکاتەوە بریتی‌یە لە کۆنترین بەشی ئاواز[(١٤)] (بڕوانە ژمارە ٢ ، ٥) . بابەتێکی‌تریش بەم بابەتەوە پەیوەندە، ئەویش بابەتی تەنهایی‌و بەجیٚ‌هێشتنە . ئەم بابەتەش ئەخەینە پاڵ بابەتی خەیاڵیٚ کە ڕۆی دەم ئەکاتە سروشت و داوای لیٚ ئەکا جوانیی ڕەنگی مردووەکە نەشێوێنیٚ و تێکی‌نەدا (بڕوانە ژمارە ٢١) .

لە شینی کوردیدا وێنەی دڵ پەسەند ئەو وێنەیەیە کە وەسفی هەتیویٚ ئەکا لە چوار چێوەی دیمەنی جوانی سروشتدا (بڕوانە ژمارە ١١ ، ١٢).

---

(١٣) زوربەی دابی لاواندنەوەم لە زمانی (عەلی‌بیٚ جەنگۆ)وە وەرگرتووە کە ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی (جەرجەریس) لە ناوچەی (ئەپاران) هاتووەتە دنیاوە و خوێندەوارە و ئێستا لە (تیبیلیسی) ئەژیٚ . سوپاسێکی قوڵی بیٚ پایانی ئەکەم .

(١٤) م. ك. ئازادۆفسکی ، سەرچاوەی پێشو ، ل ٤٣ .

له لاواندنەوەی کوردیدا شـوێنێکی تایبەتی تـەرخان کراوە بۆ ئاوڕدانەوە لە هەستی دەروونی خزم و کەس و کـار بەرابـەر مردووەکە (بڕوانە ژمارە ۲۳ ، ۲۵) •

شینی کوردی هەمیشـه ئەم نیشانانەی پێوە دیارە : تکاکـردن ، ناڕەحەتی و بێزاری ، سەرزەنشت و سەر کۆنەکردن • بەمە داوا لە حەکیم ئەکەن کە چاری مردووەکە بـکا (بڕوانە ژمارە ١٦ ، ١٧ ، ٤٠) • لەم وێنانـەدا گلەیی‌کردن پەیوەندە بەوەوە کـە هیچ ڕێگایەکی‌تر نی‌یە تەنها گۆڕی مردووەکە نەبێ ، چارەسەریش لە لەکیس‌چوونی مردووەکە بەولاوە نی‌یە • (بڕوانە ژمارە ١٧ ، ٣١) •

له شـینی کوردیدا مردووەکە بە ناوی خۆیـەوە یاخـود بە ناوی هۆزەکەیەوە بانگ ئەکەن ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی مردو بـە نـاوی (سوارە)وە بانگ ئەکەن ، واتە ئەوەی سواری ئەسپ یاخود ماین بووە• بۆنموونە : « سیاری وی جەنییی ، محینی » « سوارە پاشا » ، « پاتشایی سیارا » ، « سوارە گوڵە » « گوڵە سیارا » ، « جوانترین لاو » ، « خورتی تورە » ، « باشترین سوارە » ، « شەنگەسیار » تاد •

له شینی کوردیدا ناوی (عیزرائیل) بە (گیان‌کیش) یـاخود (ڕۆح کشتێن) ئەبەن •

ناوهێنانی مردن لە لاواندنەوەدا وەنەبێ هەمیشـه بە (خوازە = استعارە)بێ ، هەندێ جار ئەوترێ (فلان کەس مرد)واتە یەکسـەر ناوی مردنەکە ئەبەن • هەنـدێ جاریش مردن لە وێنەی (کوشـتن)دا دێتـه سەر زار (بڕوانە ژمارە ۳۲) •

گیان‌دەرچوون زۆر جار لە وێنەیەکی شیعریدا ئەچێتە دیمەنی ئاسکێکی هەڵاتووەوە • لێرەدا ناتوانرێ بە ئاسانی لە جۆرە کوردی‌یەکانی ئـەدەب بکۆڵرێتەوە ، بە تایبەتی لە گۆرانی ، لیریك ، چیرۆکدا وێنەی ئاسك بە گران دەسگیر ئەبێ •

کارتێ‌کردنی ئەفسانەی فۆلکلۆری کوردی ئەتوانرێ لە وێنەی تریشدا بەدی بـکرێ • بۆ نموونە : شـوان • شوانە چەند سـاڵ ڕەنجی داوەو بابیی ڕەنجەکەی هیچیان نەداوەتێ • لێرەدا ئـەم وێنەیە ئەشـوبهێنرێ بە باوك و کوڕێ کە باوکەکە لە پیریدا کوڕەکەی لێ ونبووبێ و ئەم کارەساتی کوڕ ونبوونەی لێ ڕوودابێ (بڕوانە ژمارە ٧) •

لە فۆلکلۆردا ، بە تایبەتی لە فۆلکلۆری لاواندنەوەدا ، بابەتی دوعای شەڕ کردن هەیە کە دوعاکەرەکە واز لە هەموو خۆشی و شادی‌یەك ئەهێنێ لەدوای مردوە نزیکەکەی و ئەیەوێ خوا لە هەموی بێبەشی‌بکا (بڕوانـە ژمارە ٣٠) •

لە ناو لاواندنەوەدا چەند وێنـەیەك هەیە یەکسەر بـاسی ڕوداوەکە ناکەن ، بەڵـکو کەمێـکی لێ دەرئەبڕن • لـەم حاڵەدا مرۆڤ ئەتوانێ بەئاسانی لەناو تێکستەکەدا باسی ڕوداوەکە بدۆزێتەوە و ئەو ڕەگەزانەی دەست‌نیشان بکا کە باسی ڕوداوە ڕاستی‌یەکە ئەکەن (بڕوانە ژمارە ٤٤) • ئەم ڕاستی‌یە هەروەها لە بابەتی شاییشدا بەدی ئەکرێ •

پێویستە ئەو گرنگی‌یە تێ‌بگەین کەوا لە شـینی کوردیدا ، وەك لـە هەموو هۆزراوەیەکی تری میللیدا ، بار (ظروف) هەیە • بێ تێگەیشـتنی ئەم بارە ناتوانین لە ناوەڕۆك و بیری تێکستی شـینەکە بگەین • لەمەوە دەرئەکەوێ کەوا هەموو بابەتەکانی گۆرانیی میللی ، بەتایبەتی لاواندنەوە ،

چەند بەشێك ئەگرێتەوە • لە شین و لاواندنەوەدا ، لە جـۆری لیریکی میللیدا بە ئاسانی ئەتوانرێ (بار) بدۆزرێتەوە •

سروشت لە شینی کوردیدا جێگایەکی گەورە داگیر ئەکا • لوتکەی شاخاویی بە بەفر داپۆشراو ، درەختی ڕۆتی گەڵا وەریو ، کانیاوی سارد، پارچە زەویی بێ تۆزێ بەفری لێتوابێتەوە ، بەهاری ڕەنگین و ئاوی بارانی بەخوڕ ، گیای بۆنداری بە با بڵاوەبو ••• هەمو ئەم جۆرە درێژە پێدانانە بە شێوەیەکی ئەندامی لەگەڵ هۆ سەرەکییەکەی شینەکەدا ئەچن بە یەکدا و دەوروبەرو (خلفیە)یەکی تایبەتیی بۆ دروســت ئەکەن • سروشت هەمیشە بە ئاسانی خزمەتی دەوروبەری ناکا بەڵام خۆی لە خەمی قارەمانــەکانی ڕوداوەکەدا بەشــداری ئەکا • واتە ســروشــت ــ ئەناڵێنێ بۆ ونبونی بارانی پاییز ، لە ناخیدا بەستویەتی و بە بێدەنگی ئەلاوێنێتەوە •

باشترین خاسیەتی لاواندنەوەی کوردیی کورت بڕیتییە لەوە کــە بە بەرزترین دەربڕینی هەست ئەژمێررێ و لەگەڵ ئەم هەست دەبڕینــەدا بەو شــێوە کورتە ، زیاتر کار لە گوێگران ئــەکا و زوتر تێیئــەگەن • زمانی لاواندنەوە پڕە لە خوازە (استعارە)ی شیعر و لە هەمانکاتدا زۆریش ساکارە • لە لاواندنەوەدا چەند ڕستەیەکی کورتمان بەرچاو ئــەکەوێ ، بێ خۆ پێوە خەریككردن دەرکی پێ ئەکەین کە شینە ، وەك : « سیــاری هەسپێ دێل بەردای » و « گرتیێ میرێ ئۆلمە » ، « خراپ کرییە ماڵا خۆە بتەنێ » ، « هێ ژ دەرێ ماڵا تە تێ دەنگێ گرێ و سەوتا شینێ » ، « چعڤێ خۆە دگەڕینم ، سیارێ خۆە نابینم » •• هتد

ئەم نمونانەی کە لە شێوەی جوانکاریدا بەدیئەکرێن و لە دەورێکی پڕ خەمدا دەرئەبڕرێن ، پاش دەنگ و ناڵە و گریان و پرسیــاری ئــاشکرا ئەوترێن •

زنجیرەی شینی نۆرەی پیاوان هەمیشە بە « لۆ ــ لۆ ــ سیارۆ یاخود « هەی ــ لۆ ــ سیارۆ » دەست پێئەکات • زۆرجاریش بە « لۆ ــ لۆ باڤۆ ، هەی ــ لۆ برایۆ » دەست بە لاواندنەوە ئەکەن • لە شینی ژنانا و لە زوربەی ڕێکەوتا بە : « لێ ــ وایێ ، لێ وایێ » ئەلاوێننەوە [١٥].

ڕوخساری شینی کوردێ بریتییە لە سێ یاخود چوار دێڕ لەگەڵ جوت بونی قافیەکان « ئا ئا ئا ئا ب ب aaa , aa bb » زۆر جاریش پێنج یاخود شەش بەیت ئەبێ لەگەڵ یەکێتیی قافیەکاندا • ئەبینین سەرەتای دێڕەکە لەم هۆنراوانەدا دەنگێکی ساکاریان هەیە • جاری وا ئەبێ ئەوە ڕوئەدا ئەوانەی کە شینەکە هەڵئەبەستن شێوەی بەیتەکان ئەشێوێنن ، لە کاتی خەم و ناخۆشێ و هەستی بە جۆشی دەرونیاندا قافیەی دێڕەکان لەنگ ئەبێ • بۆ نمونە :

باڤۆ ، من بەلەنگازی ، من سەفیلی ، من سەرگەردان
باڤێ من مرییە ، ئەز بومە سەفیل •
باڤۆ ، بافتی تشتەکی چێیە
زەینەتە ڕۆ عەردێیە

لە شینی کوردیدا کێشی پەنجەش زۆر بەرچاو ئەکەوێ ، بەڵام لەم نمونانەدا زیاتر ئاوازی کێشی شیعرێ ئەبینرێ • واتە لە دێڕێکدا کۆمەڵی بڕگە وەئەبێ هەمو وەك یەك بن ، بەڵام لە زوربەی دێڕەکانـدا دەنگەکان وەکو یەکن ، کەچێ لەگەڵ ئەوەشدا تەرتیبی ئەم بڕگانەش دامەزراو نییە :

عەور ئەزمانا نایێ دەنگە

(١٥) لۆ ــ لۆ : ئامرازی بانگ هێشتنە بۆ پیاو و (لێ ــ لێ)یش بۆ ژنـە.

ئەمێ تابۆتەكە مالخۆیێ مالێرا چێكن دارا چامێ
تەختی ژەنــگە
برا مالخۆیێ مالێ تێدا نەكرە خۆبار و زەنگە •

لەم پەیوەندی‌یەوە بەجوانێ سەرنجی ئەوە ئەدرێ كە شین یەكێكە لــە جۆرە كۆنەكان و ڕەنگدانەوەی شیعری میللیی زیاتر تیا بەدێ ئەكرێ • لە سەدەكانی ناوەڕاستەوە هۆنراوەی میللیی كوردێ بە پەنجە بووە • ئــەم كێشە كاری لە شیعری كلاسیكییش كردووە • سەرەتای كێش لە هۆنراوەی میللیی كوردیدا بناغەكەی لەسەر دەنگەكان دامــەزراوە • لــە دێڕێكا دوو یاخود چوار دەنگ ڕوو ئــەدات و دێڕی دوایــێ هەمیشــە لــە دێڕەكانی پێشوو درێژتر ئەبێت •

ئەم تێكستانەی كە لێرەدا بلاوكراونەتەوە هەمویان لە دەمی كوردە یەزیدی‌یەكانی پشت قەفقاز (تیبیلیسێ)م نوسیونەتەوە• زۆرترینیان لــەو كەســانەم كۆكردوونەتەوە كە شارەزایی‌یەكی چــاكیان لــە هەڵبــەستنی لاواندنەوە هەبوو •

ئەم لیستەیەی خوارەوەش ناوی ئەوانەیە كە تێكستەكانم لــە دەم وەرگرتوون :

(١) عەلی‌یە جەفۆ ــ ١٨٩٢ ، خەڵكی گوندی (كۆریخ بوگاز)ە لــە ناوچەی (ئەپــاران) لە ئەرمینیا • لە (تیبلیسێ) ئەژێ • خوێندەوار نی‌یە (ژمارە ١ ، ٢ ، ٤ ، ٥ ، ٢٢ ، ٢٤ ، ٣٢ ، ٣٤) •

(٢) بێ دڵ تەفور ــ ١٩٢٨ ، خەڵكی گوندی (كورەكاند)ە لە ناوچەی (ئێرڤان) • لە (تیبلیسێ) ئەژێ • خوێندەوارە (ژمارە ٣ ، ٧ ، ١١ ، ١٨ ، ٢١) •

(٣) سەچۆ حاجێ ــ ١٩١٠ ، لە تورکیاوە هاتووە • خەڵکی گوندی (مۆچ)ە لە ناوچەی (وان) • لە (تیبیلیسێ) ئەژێ • خوێندەوارە (ژمارە ٢٨ ، ٣١ ، ٣٥ ، ٤١ ، ٤٤) •

(٤) سەبری شاڤیش ــ ١٩١٠ ، خەڵکی گوندی (جەرجەریس)ە لە ناوچەی (ئەپاران) • لە (تیبیلیسێ) ئەژێ • خوێندەوار نی‌یە (ژمارە ١٢ ، ٢٧) •

(٥) ئەکۆییێ سلێمان ، ١٨٩١ ، لە شاری (قارس)ی تورکیاوە هاتووە • لە گوندی (کۆریخ بوگاز) ئەژێ • خوێندەوار نی‌یە • (ژمارە ٣٦ ، ٣٨) •

(٦) حەمۆیێ حەسەن ــ ١٩٣٣ ، خەڵکی گوندی (چەمۆ شڤان)ە لە ناوچەی (ئەپاران) • لە (تیبیلیسێ) ئەژێ • خوێندەوارە • لە کارگا کار ئەکا ، یەکێکە لە باشترین شایەرو حیکایەت خوانەکان (ژمارە ٢٥ ، ٢٦ ، ٤٠) •

(٧) کەریم باباسێ ــ ١٨٨٢ ــ ١٩٦٧ • لە گوندی (قەرە جۆگە)ی تورکیاوە هاتووە • لە (تیبیلیسێ) ژیاوە • خوێندەوار نەبۆ • (ژمارە ٢٧ــ٣٩) •

(٨) جەلیلێ ڕیشۆ ، ١٨٨٤ • لە تورکیاوە هاتووە ، لە (تیبیلیسێ) ئەژێ • خوێندەوار نی‌یە (ژمارە ١٦) •

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەستی خۆم بەرابەر ئەم شین بێژانە دەربڕم کە ڕێگایان دام تێکستەکانی شینی کوردێ بنوسمەوە • جا جوانترین و قوڵترین ڕێز و سوپاسگوزارێ دەرئەبڕم بەرابەر بەم یارمەتی‌یە

بەرخە • هەروەها سوپاسێکی زۆر و پڕ وەفایش دەرئەبڕم بۆ دۆستی ئازیز و بەڕێزم (ك• ڤ• چیستۆڤۆ) کە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ کردم و چەند تێبینیی و ئامۆژگاریی دامێ لەم کارەمدا •

کۆمەڵە لاواندنەوەی ژنان (١٦–١٧)

١ — لۆریکا من دارینە
دایێ مەعرۆمە ، لۆریکێ هلدە ناڤا هەڤالا بگەڕینە
لۆریکا من زارەکە چێیە
دەلالا دلێ دێیە
لۆریکێ بڕەڤینە ، بڤنە مالا خالێیە
لێ — وایێ ، لێ — وایێ !

٢ — کوڕێ من کوڕەکی باشە
ئەزێ کوڕێ خۆە برێڤێنم ، بڤمە مالا کالکێیە
دایێ ڕەبەنێ ، کوڕێ من کوڕەکی چێیە
ئەزێ بەلەنگاز کرم ، ئەز مامە تەنێ !
لێ — وایێ ، لێ — وایێ !

٣ — هەفت خوازلا (١٨) ڤی زەمانی

(١٦) و (١٧) لەم بەشی لاواندنەوەیەدا کە هەر ژنان ئەیڵێن ژمارە ١– ٢ بۆ مردنی کوڕێکی کەم تەمەنە . ژمارە ٣ بۆ باوکە . ژمارە ٤–٦ بۆ برایە. ژمارە ٧ – ١٣ بۆ پیاوانە کە خزم نەبن . ژمارە ١٨ – ١٩ بۆ ئەوانەیە لە غەریبیدا ئەمرن . ژمارە ٢٠ بۆ دەزگیرانە . ژمارە ٢١ بۆ تازە بوکە یاخود بۆ دایکێکی گەنج .

(١٨) لە تێکستەکەدا : « هەڤت خوازلا » واتە : حەوت جار ببێ .

وەکی باڤێ من مالخوێ بۆ ئەز کەڤانی
ئەزێ پاشێ مالخوێ مالێ بۆمە عەرد و خوەلی !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

٤ ــ چیایۆ ، چیایێ جوودێ [١٩]
پسمام ــ لێزما [٢٠] لێکریە هەڤسوودێ
خوشکێ مەعروومێ چعڤی خوە دگەڕینە
برانگێ خوە ناڤا پسماما ناڤێتە
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

٥ ــ بەرفێ چیایێ بلند شەپەکر
کارا خەزالێ سەرژا چەلاپێکر
برانگێ منمریە ئەز بێخوێی [٢١] کرم !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

٦ ــ ئەزێ ناسەکنێم هێلانا بلند جیێیا
تۆزە ــ خۆبارە ئاڤێتیە سەرێ دێلێ بژیێ مەعنەگیا !
ئاخر ئۆلمە [٢٢] ، میرێ ئۆلمە ، برا دەستێ خۆە بەر سەرێ هلینە
برا خەم و خەیال دلێ خوشکا مەعروومدا [٢٣] نەمینە !

(١٩) ناوی ئەو شاخەیە کە کەشتی‌یەکەی نوحی بە سەرەوە گیرسایەوە (داستانێکی موسوڵمانەکانە) .
(٢٠) لە تێکستەکەدا پسمام ــ لێزما « بە واتای خزم و خۆ هاتووە » .
(٢١) لە تێکستەکەدا : بێ خوەیێ « واتە : بێ خاوەن و بێ کەس » .
(٢٢) لە تێکستەدا «ئۆلم» . میرێ ئۆلم : مرۆڤی خراپ ، مرۆڤی توڕە . لێرەدا مەبەست لە عیزرائیلی فریشتەیە کە گیانکێشانی پێ سپێرراوە .
(٢٣) ناوی مردووەکە .

لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ

٧ ــ تە مالەکە خوەڕا کرییە ڕعاتێ

دل ــ هێناڤێ خوە تە پێدا پاعتێ
چاوا تێ ، دەردکەڤێ نۆلا شڤانەکی حەق ــ هلاتێ !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

٨ ــ چیایێ ڕۆ لێ مــایە

قامچیێ زێڕ بادایــە !
حەیفا من تێ مالخوێ مالێ چاوا واڕەش ، وارندایە (٢٤) !
لێ ــ وایێ ، لێ وایێ !

٩ ــ کاڤلا تڤلیسێ نیڤەکا دنێ (٢٥)

کۆجێ تەنگە ڕێ ناچنێ
حەیفا من تێ خورتێ تۆرە مالخوێ مالێ کەتییە بەر مرنێ !
لێ ــ وایێ ، لێ وایێ !

---

(٢٤) لە تێکستەکەدا : « وار ڕەش وارندا » واتە : تیرەی ڕەشپۆش ، تیرەی شەهید . واتای ئەم ڕستەیە ئەوەیە کە مرۆڤێ کەسی بۆ نەمابێتەوە لــە پیاواندا ، هەر هۆزەکەی مابێتەوە . «تۆ وارندا (وار ڕەش) بی » واتــە : با هۆزەکەشت هەمۆ شەهید کرێ . ئەمە لای کوردە یەزیدییەکان لــە ناخۆشترین دوعاکانە .

(٢٥) مەبەستی ئەوەیە بە بۆچۆنی لاواندنەوە بێژەکە : « ڕۆناکیت نەمێنێ » . ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەوەیە کە کوردە یەزیدییەکان لە سەرەتای سەدەی بیســـتەوە لە تورکیاوە هەڵاتن و زوربەی زۆریان لە تیفلیس (تیبیلسێ) نیشتەجێ بۆن .

١٠ــ عەردێ ئەنتۆنۆڤسکێ ــ عەردەکی دێمە [٢٦]
تەڤرکۆلۆ ، تەڤرەکی لێخە ، عەرد ئەرزێمە
حەیفا من تێ مالخوێ مالێ ، کەڤانیا مالێ چاوا تێدا بنخێمە ؟
لێ ــ وایێ ، لێ وایێ !

١١ــ چ ئێستیمە بەر دیوارا
لێ دکە شلی ــ شلۆپێ دەر بهارا
وەکی باڤێ ئێتیما دمرە ، کەسەك تونە دەستێ وانا بگرە بڤە بەر ستارا
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٢ــ چیایێ بلند بەرڤێ لێ کر
لەقلەڤێ تێدا هێلون چێ کر
.... [٢٧] کەتە بەر مرنێ ، تەموا هێسیرێ هوور نزام کێ کر ؟
خەزال ڕەڤی ، خەزال ڕەڤی
ئۆرتا من و خەزال چیبا ، بانی ، مێرك و زەڤی !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٣ــ عەور ــ عەزمانا نایێ دەنگە
ئەمێ تابۆ تەکە مالخوێ مالێڕا چێکن دارا چامە تەختێ ڕەنگە
برا مالخوێ مالێ تێدا نەگرە خۆبار و زەنگە !
لێ ــ وایێ ، لێ ــوایێ !

(٢٦) لە تێکستەکەدا : «عەردێ ئەنتۆنۆڤسکێ عەردەکی دێمە». ئەنتۆنۆڤسکێ ناوی شاخێکی بەرزە لە تیفلیس . گەڕەکێکی زۆر کۆنیشە . یەکێك لە گۆڕستانەکانی شار بەم شاخەوەیە . بەشێکی زۆری کوردە یەزیدییەکان لەم گۆڕستانەدا نێژراون .

(٢٧) ناوی مردووەکە .

١٤ــ سیارۆ ، سیارێ نەنێ
خالەکە ڕەشە ل بەر گەردەنێ
ڤالا کرییە پشتا قەوم ــ پسماما ، خراڤ کرییە مالا خوە ب تەنێ !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٥ــ دۆمانە خوە ئاڤێتە سەرێ چییـــا
خۆبارەکە خوە ئاڤێتە دەڤێ مەعنەگییا
وێ قەتاندییە دەستێ هەر دو برا !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٦ــ حەکیمۆ ، ڕابە ، کار ب کار کە
برینێ بریندارا دەرمان کە !
حەکیم گۆ : « مالا تە خراڤبە ، برینا وان کوڕ ، خەدەرە ! فەیدا ناکە ! »
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٧ــ حەکیمۆ ژ هەمایێ !
مەلحەمەکە چێکە مۆمێ ڤێ شمایێ
پێشترێ ئاخێ گۆڕا کەو برینا من نایێ
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٨ــ شەڕە ل مە شەڕە !
شەڕە وی کافری کەتیە سەرێ سابیمانا ، لەڤ دگەڕە !
حەیفا باڤێ هۆرکا مالخوێ مالا

وەلاتێ خەریبا تێنە کوشتن بێ حەیفا !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

١٩ــ کوشتنێ مە دکوشتن
تەیرو تیبا پەڕێ خوە داهشتن
خۆرتێ تورە وەلاتێ خەریبا تێنە کوشتن ، جێدا هشتن !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

٢٠ــ سیارۆ ، سیارێ ڤێ جەعنیێ !
دە تو قاسەکی بازۆ سەر کانییێ !
حەیفا من تێ خورتێ تورە مالدا مایە گوستیل ــ تەمەزیا نیشانیێ(٢٨)
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

٢١ــ عەورێ ڕەش ، دیلەکە :
برا کەوکیبا بەرفێ ، تاڤیبا بارانێ مەزەلێ تەزە نەکە !
حەیفا دایکێ دەرگۆشا ، بوکێ رۆ ب خێلی ، چەعفی ــ بڕێ
بەلەك خراڤ نەکە !
لێ ــ وایێ ، لێ ــ وایێ !

زنجیرەی شـــینی پیاوان (٢٩)

٢٢ــ لۆ ــ باڤۆ ، لۆ ــ باڤۆ ، لۆ ــ باڤۆ !

---

(٢٨) بە پێی نەریتی کوردەواریێ کاتێ کە دەزگیران ئەچێ بۆ نیشـانەکردنی بوك ئەمۆستیلە و ئەلقە و لەچکێکی شالی گوڵدار لەگەڵ خۆی ئەبا بۆی وەك دیاریێ . تەمەزی : واتە دیاریێ بۆ دەزگیرانەکەی .

(٢٩) لە بەشی لاواندنەوەی پیاواندا کە هەر پیاو ئەیلێ ، ژمارە ٢٢ ــ ٢٣ بـــۆ مردنی باوکە . ژمارە ٢٤ ــ ٢٦ بۆ برایە . ژمـارە ٢٧ ــ ٢٩ بۆ مردنـــی مردوێەکە لە ئاوارەییدا . ژمارە ٣٠ ــ ٤٠ بۆ خزمە ، بەڵام خزمی دوور . ژمارە ٤١ ــ ٤٢ بۆ سەرۆك هۆزە . ژمارە ٤٣ ــ ٤٤ بۆ دەزگیرانە .

باڤۆ ، چما فەلەکێ ها کر ؟

فەلەکێ سەرێ خوە ل من باکر

باڤێ من مرییە ، مالا من خراڤ کر !

٢٣ــ باڤۆ ، من بەلەنگازی ، من سەفیلی ، من سەرگەردان !

باڤێ من مرییە ، ئەز بۆمە سەفیل !

باڤۆ ، باڤتی تشتەکی چێیە

کوڕتی ــ باڤتی زەینەتە ڕۆ عەردێیە

باڤۆ ، جننەت ــ جەهنمە دەستی خوە دێیە !

باڤۆ ، تە یەکێ نە چێ کر ،

تە مالا خوە ژ مالا من جهێ کر !

٢٤ــ لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە

هەی ــ لۆ برایۆ ، براتی چڤا چێیە

زەینەتە ل ڕۆ عەردێیە

شین و گری دەستێ خوەدێیە

٢٥ــ هەی ــ لۆ برایۆ ، براتی چڤا خوەشە

ئۆنانی حمایلەکە ، دۆر ب نەخشە

هەی ــ لۆ ، برایۆ ، ڤێ سبێ زێیی ــ کنێزە تێنە ، گولی‌یێ وانە

بڕینە (٣٠) ، سەرێ وانا ڕەشە (٣١) !

٢٦ــ هەی ــ لۆ ، برایۆ ، برامە نەهاتا بینا بابێ دەنگێ شینێ ،
دەرێ مالا ....(٣٢) برا تێ دەنگێ شینێ و ڤی گرینێ ،
چاوا بدنێ پۆڕ کوڕا ڤیزێ ، برا خوە بگهینە ،
دەستێ خوە بدە سەر دەڤێ ڤێ برینێ !

٢٧ــ لۆ ــ لۆ ، سیارۆ ، سەبیارێ بۆزا دێل ب حسنێ !
وەلاتێ خەریبا نیڤەکا دنێ
گەلی برا و پسمامنۆ ، وەرن ئەم بەرێ خوە دن وەلاتێ
خەریبا بنێرن ، خەریبێ مە چاوا کەتنە بەر مرنێ !

٢٨ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، چیبا مقابلێ چیبا
ئەزێ دێنا خوە ددمە ڤیزان بۆکا ، خێلێ خەملێ خوە
دانینە ، کەتنە قلخێ ژنێ بیــا
حەیفا من نابێ کوشتن عەفات و عەگیتا ، حەیفا من تێ
یەکی خۆرتێ تورە وەلاتێ خەریبا سەر برینێد خوە دنالیا !

---

(٣٠) بە پێی نەریتی کوردەکان (لای موسوڵمانەکانیش وەك لای یەزیدییەکان) ئەگەر خزمی نزیك ژن ، دایك ، خوشك ، کچ مرد ، ئەمــانە پرچیــان ئەبڕنەوە و لە سەر گۆڕەکەیی دائەنێن . هەندێ جاریش ئەوقژەی کە لەسەر گۆڕەکە ئەیبڕنەوە ، ئەیکەن بە دارێــکەوە ، ڕستەی « پۆر کوری بە » کەواتە : « پرچــت ببڕێتــەوە » نــاخۆشترین دوعایە لای کوردەکان ، بەتایبەتێ لای ژنــان .

(٣١) لای ژنانی کورد باوە ئەگەر کەسێکی نزیکی وەك مێرد ، باوك ، برا کوڕیان بمرێ بۆ ماوەی ساڵێك لەچکی ڕەش ئەپۆشن .

(٣٢) ناوی مردووەکە .

٢٩ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، برا مە نەهاتا سەڕا سبێ بینا بابێ ڤێ هاڤینێ
برا دەلالێ دلێ مرا تێکرا بابێ باوەشینێ
چاوا کەسەکی وی تونە ، دەستێ خوە بدە سەر دەڤێ ڤی برینێ !

٣٠ــ هەی ــ لۆ سیارۆ ، من سۆند خوارێ ئەزێ توجار ناچمە چیا
ئەزێ ناخۆم ئاڤا کانێ و بەلەکیا
ئەزێ چەعڤی خوە دگەرینم،سیارێ خوە ناڤینم ناڤا قۆما ڤان ئێزدییا !

٣١ــ هەی ــ لۆ سیارۆ ، چیایێ بلند بەرفێ دلیلاندن
خەزال دادگەڕیان بەریان ژێرین ، بەر تومێ هەوشەنێ کارێ خــوە دمژاندن ،
بڕینێ خەلفێ پێ شورا و قەمانن
بڕینێ سیارێ من ژ مێرێ کولێنە (٣٣) ، ئاخێ گۆڕا خوەدا دکەواندن !

٣٢ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، سیارێ ڤێ محینێ
وێ ژ مالا تە تێ دەنگێ گرێ و سەوتا شینێ ،
هە ژ خەما دلێ مڕا سەردا ئەیارا داکەتە سەرڤێ کەمینێ !

٣٣ــ لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ،
هەی ــ لۆ سیارۆ ، سیارێ مەعنەگێ دێلبەردای (٣٤)
قاپوتا سەر ملا زێر کلدای
ڕۆژێد ئۆغرمە ــ گران دبە چەرخی چێ و مێرێ هەسپ وەستیای .

(٣٣) لە تێکستەکەدا : «مێرێ کۆلێ» واتە : مرۆڤێ کە خەمی وشك نەبۆبێتەوە. مەبەست لە عیزرائیلی فریشتەی مەرگە .

(٣٤) کوردە یەزیدییەکان لە کاتی کۆتەڵدا کلکی ئەسپەکانیان ناهۆننەوە .

٣٤ــ لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ،
هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، سیاریٚ ویٚ محینیٚ
وی ژ دەریٚ مالا تە تیٚ دەنگیٚ گرین و سەوتا شینیٚ
خراب کرییە مالا پسمام ــ لیٚزما ، خراب کرییە مالا خوە ب تەنیٚ !

٣٥ــ هەی ــ لۆ ، سییارۆ ، تربیٚ ڤان جندییا ،
ئەمیٚ بکلۆلن بلند جییا ،
برا سەر تربیٚ دەلالا دا نەییٚ ئاڤیٚ بەلەکییا ،
ناڤیٚژە چەعقیٚ ڤان دەلالا تۆز و خۆباریٚ ڤان گەلییا !

٣٦ــ لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ، لۆ ــ وەرە ،
فەلەکیٚ ها ل من هاکر ،
ملیٚ خوە ل مە هەژاند ، چەپلیٚ خوە ل مە باکر ،
شەعدیٚ ــ شوعدیٚ شەنگە سیارم گەلەك هەنە ، تەقالیٚد ئیٚلیٚد
گرانە کرنە فۆتیکیٚ پۆلا ، دەری لیٚ شما کر .

٣٧ــ کەکۆ ، برانۆ ، پاتشاییٚ سیارا لاوێنە ،
تۆخ و فەرمانیٚ خوە هلدانە دگەڕێنە ،
شەعدیٚ ــ شوعدیٚ شەنگە سیارم گەلەك هەنە ، گرتییٚ میٚریٚ
ئۆلمە ، کەس نزانە کیٚ ئالی بشینە !

٣٨ــ کەکۆ ، برانۆ ، بەرفیٚ چیاییٚ بلند دلیلاندن ،
کاریٚ غەزالیٚد بەر ڕێی ژێرێندا تەرقاندن ،
شەعدیٚ ــ شوعدە شەنگە سیارم گەلەك هەنە گرتبییٚ میٚریٚ
ئۆلمە ، گرتن ، شانــدن !

٣٩ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، ترسا من ، مەعرێ ڤان بەیارا
وێ بکشە بەرێ ڤان زنارا ،
وێ بقۆسینە سمێلێ مێرێ مێرخاس ، وێ بخوە
گوشتێ برینداراا .

٤٠ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، حەکیما کەتنە کێشێ ،
ئەمێ ڤێ سبێ ڕابن ، هەڕنە پێشێ ،
دەستەکە باڤێنە دزگینێ ، دەستەکە باڤێنە پێشێ ،
ئەمێ بێژن : « کا دەرمانا ڤێ سەرێشێ ؟ »

٤١ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ، برا مە نەهاتا سرا سبێ بینا بایێ
ڤێ هاڤینێ ، برا لێنەخستا بەژن و بالا سیارێ من ،
نەهەژاندا قۆتکێ حەمایلێ ڕێشێ ،
تەیێ ڤێ بهارێ مە شکێناندیە پشتا کۆمێ ، قودۆمێ
چۆکێ ڤێ قەبیلێ .

٤٢ــ هەی ــ لۆ سیارۆ ، ئەزێ چۆمە ئەلەگەزێ ، سەر کانییێ
کەوکییا بەرفێ ئاڤێنە قاپێ حەمدانییێ ،
چاوا کەسەکی تونە پاشی دەلالێ مالێ قۆما خوەڕا تێکە سەروێرییێ

٤٣ــ هەی ــ لۆ ، پایزە ل مە کرە گازی
گۆ : « دارا بەلگێ خوە داوەشاندن ، گەردەنێ وانا مــانە ڕۆت و
تازی ،
گەلۆ نفرا کێ بۆ ، کۆ : « برا نەگیژی تو بەختا ، تو مرازی » !

٤٤ــ هەی ــ لۆ ، سیارۆ ،سوٚکا هەتا سوٚکا

ئەمێ هەرنە بازارێ بازار بکن کنجێ زاعفاتییێ ، خێلیێ بوویکا ،
گەلۆ ، نفرا کێ بوٚ، گۆ :«حنا زاعفاتییێ برا بمینە سەر نەینوٚکا [٣٥]» !

★ ★ ★

(٣٥) لای کوردە یەزیدیەکان و کوردە موسولمانەکان باوە لە ڕۆژی زەماوەندا خۆیان ئەڕازێننەوە . بوٚك دەست و پێی لە خەنە ئەگرێ . مەبەستی ئەم ڕستەیە کە ئەڵێ « حنا زاعفاتییێ برا بمینە سەر نەینوٚکا » ئەوەیە زاوا بمرێ لە کاتێکا کە هێشتا خەنەی سەر نینۆکی دەست و پێی بوٚك کاڵ نەبوٚبێتەوە .

ملخص البحث

ندب الموتى لدى الاكراد اليزيديين في ما وراء القفقاس

بقلم : الدكتورة : مارگريت رودينكو
ترجمة : الدكتورة شكرية رسول ابراهيم

يستعرض هذا المقال الذي كتبته باللغة الروسية المستشرقة السوفيتية الدكتورة مارگريت رودينــكو الباحثة المتخصصة في الادب والفولكلــور الكردي في قسم الدراسات الكردية بمعهد الاستشراق لدى اكاديمية علوم الاتحاد السوفياتي في لينينغراد[1] ، ونشرته مجلة (پالستينسكى سبورنيك) في عددها المرقم ٢١ (٨٤) لعام ١٩٧٠ وترجمته الى اللغة الكردية الدكتورة شــكريه رسول ابراهيم المدرسة في كليه الآداب بجامعه السليمانية ، يستعرض التراث الفولكلوري للاكراد اليزيديين القــاطنين في ما وراء القفقــاس ، في رسوم التكفين والتشييع والدفن والندب والنواح وما الى ذلك ، مع بعض نصوص الندب التي يغنيها النادبون على الموتى ، وخاتمة بنبذة من سير الاشخاص الذين استقت منهم النصوص وثبت بالمراجع التي استندت اليها.

تذكر كاتبة المقال في بحثها ان دراسة جادة لم تجر بعد للاغاني التي تندب الموتى ولكيفية تشييعهم لدى شعوب الشرق الادنى وما وراء القفقاس

---

(١) توفيت في ســنة ١٩٧٦ .

باستثناء بعض النصوص التي وجدت طريقها الى النشر مع المقارنة بالانواع الفولكلورية الاخرى، ممايدل على ان السرية ماتزال تحيط بهذا الضرب من الفولكلور بالنسبة لعالم الدراسات العلمية .

وفي رأي صاحبة المقال ان أهمية نصوص الندبة تكمن في كونها من الانواع الفولكلورية القديمة ، وهي في الوقت ذاته من ابداع غالبية الناس وهي أحد الانواع النموذجية من الفولكلور . انها حدث منظوم حي كما تذكر صاحبة المقال . ان كلمات الندبة توفر المجال لادراك الخفايا المكنونة في أعماق جمهور الشعب ، ويمكن استكناه دخائل النفوس من خلالها .

وتذكر كذلك ان فولكلور الاكراد اليزيديين من الغنى بحيث لا يقاس بفولكلور الاكراد المسلمين . وتعلل الكاتبة ذلك بأن الاكراد اليزيديين كانوا دوما أميين ، مما خلق الاسباب للاعتناء الكثير بالنصوص الشفهية لديهم .

وتقول الباحثة ان بين مختلف أنواع الفولكلور الكردي ، يعتبر فولكلور الندبة النوع الوحيد الذي ظل غير مدون حتى الان ، وان الاثنوگرافيين الذين عنوا بتدوين التقاليد المتبعة من لحظة الموت حتى ما بعد الدفن ، لم يشفعوا عملهم بنشر بعض نصوص كلمات الندبة .

وتشير الدكتورة رودينكو الى الصعوبات التي عانتها في اقناع بعض اليزيديين بأن يرددوا على مسامعها النصوص التي دونتها ، وتفسر امتناعهم عن ذلك بأنه نتيجة لبعض الطقوس الدينية التي تحصر الادلاء بأي شيء متعلق بالدين في رجاله وفي أوقات خاصة أيضا .

ثم تتحدث صاحبة البحث بالتفصيل عن الرسوم المتبعة في تشييع ودفن الموتى وندبهم ، كما تتحدث عن مضامين نصوص الندبة فيما اذا كان الميت رجلا او امرأة ، رئيسا او مواطنا بسيطا ، شابا او طاعنا في السن ، وفيما

اذا مات بين أهله أو في ديار الغربة او قتل مظلوما .. الخ . كما تتحدث كذلك عن الخصائص البلاغية لهذه النصوص ، وتشير الى كونها حافلة بالاستعارات ، وتخصص جانبا من البحث لدراسة التكنيك الفني في نصوص الندبة ، مع مقارنة اولية لها بانواع الكلام الكردي الموزون ، الاخرى .

ويلي هذه الدراسة الشاملة ، كما ذكرنا ، نبذة عن سيرة ٨ أشخاص استقت منهم الباحثة المعلومات والنصوص الغنائية ، و (٤٤) قطعة من غنائيات الندبة ، وهوامش اقتصرت المترجمة على تثبيت (٣٥) منها فقط رأتها ضرورية لا يمكن الاستغناء عنها .

★ ★ ★